# سرووش، ژیر و ئەزموون

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)


١ – ئـەو سـێ چەمکە، ئەگـەر لە خۆیاندا، جۆرە سـەربەخۆییەک نیشـان بـدەن، پاوانـی تایبەتـی خۆیانیـان هەبـێ کـە سروشـتە گەوهەرییەکەیـان پشتڕاسـت دەکاتـەوە، توندوتـۆڵ بـە پرۆسـەی پەرەسـەندن و گۆڕانـی ژیانـەوە لـە گشـت قۆناغەکانـدا بەنـدن، بـە دەسـتپێکی بنەمـای بـڕواو و بـاوەڕ و زانیـن دادەنرێـن، ئـەوە هەریەکەیـان ئـەرک و ئامانجـی تایبەتییـان هەیـە بـە چوونـە ژێر بـاری پیادەکردنیانـەوە. جـۆری قۆناغەکـەی ژیـان و پەرەسـەندنی کۆمەڵگە و گەشـەکردنی هۆشـیاری مـرۆڤ خەسـڵەتی تایبەتیـان پـێ بەخشـیون، ئـەم خەسـڵەتانەش لـەلای خۆیانـەوە سروشـتی بـاوەڕ و زانیـن و زانسـتییان دەستنیشـان و سـنووردار کـردووە.

– سـرووش ئاماژەیـە بـە نەزمێکـی ڕێکوپێکـی ڕەنـگ بۆڕێـژراو کە هەوڵی داوە لـە چوارچێوەیەکی تایبەتیـدا ژیانـی مـرۆڤ و کردارەکانـی، پێوەنـدی بـە بوونەوەرێکـی ترانسـندێنتی و چارەنووسـی لـە دوای مـردن چـۆن بێـت، ئەوجـا بـە شـێوازێکی دوور لـە ژیـر و لۆجیـک، بگـرە پشـت ئەسـتوور بـە هەسـت و سـۆزی ناخـی دەروون، ئەمـەش لـە سروشـتە تایبەتییەکـەوە سـەرچاوەی گرتـووە تـا وەڵامـی پرسـیارە کێشـە ئامێزەکانی ژیـان بداتەوە، ئـەو پرسـیارانەی مۆتەکـە ئاسـا پرزەیـان لـێ بڕیـوە و نیگـەران و ناڕەحەتیـان کـردووە و بـوون

بە میوانی هەمیشەیی. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ، لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە گرنگەدا کە نەزمێکی سەرتاپاگیرە و ڕەگوڕیشەی لە ناخی دەروون و کونج و کەلەبەر و گۆشەکانی کۆمەڵگە داکوتاوە، کەچی بە پێچەوانەوە پشتی کردووەتە ژیانی ئەم دنیایە (ترک الدنیا وراء القضا)، هانی لایەنگرانی دەدات دڵیان بە ژیانی سەرزەوی خۆش نەبێ و لەپێناوی ژیانێکی دیکە و جیهانێکی تر کارابن و تێ بکۆشن. بۆ تێکۆشانەکەش نەخشە و پلانی پێشیانە ڕەنگ بۆڕێژراو پێشکەش کراوە.

ڕاستە لێرەدا قسە لە ئازادی و دادپەروەری و بەختەوەری کراوە، بەڵام هەر سێک چەمکەکە لە توێکڵی بێ ناوک بەولاوە نین، ئەوجا لە چەند وتەیەکی گشتی بێ واتا و دەلالەت و بێ ئەنجام بەولاوە نین! ڕاستە ئازادی لەو کایەیەدا قسەی لێ کراوە، بەڵام بە قەدەر و چارەنووس کۆتوپێوەند کراوە و ناوەڕۆک و ئەنجام و دەلالەتەکەی لە دەست داوە (ئەل موقەددەر لایوغەیەر!). ڕاستە هزرمەند و ڕابەرانی ئەو ئاراستەیە کۆشاون، لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکاندا (مووسایی و عیسایی و ئیسلام) و پشت ئەستوور بە دەقەکان ئەو ئازادییە بە جۆرێک لێک بدەنەوە و خەسڵەتە ترانسندێنتییەکەی کاڵ بکەنەوە.

لە چوارچێوەی ئەو پرسەیەدا جەنگی دەستەویەخە لەنێوان (قەدەرییە و جەبرییە) هەڵگیرساوە و شیر و تیریان لە یەکتری سووە، بەڵام بە بۆچوونی من، ئەوان بە هەردوو بەرەوە کە لە یەکتری لە سەنگەردا بوون، هیچ جۆرە چارەسەرێکی ئەوتۆیان (کردەکی) نەداوەتە دەست، لەوە بەولاوە کە هەر لایەنەیان جۆرە دەقێک (لە سفری تەورات و ئینجیل و



**کانت**

ئایەتی قورئان) یان شرۆڤە (تەئویل)کردووە بۆ پشتڕاست کردنەوەی بیرو بۆچوونیان، ئەمەش هیچ مەڵۆیەکی نەخستووەتە سەر خەرمانی لێکدانەوەی زانستییانەی (بە واتا گشتییەکەی) ئەو بابەتە کێشە لەسەرە. لە ئاییندا مرۆڤی کۆیلەی ئاغا و خاوەن دەسەڵات جێگەیەکی گۆڕدراوە، بەوەی کراوە بە بەندەی بوونەوەرێکی ترانسندێنتی سەروو سروشت!

– ئازادی لە خۆیدا سێ ئاستی هەیە: ئاستی فەلسەفە، ئاستی ئایین، ئاستی کۆمەڵایەتی. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئاستە فەلسەفەییەکەیە کە هەندێک لە ئایینەکە نزیک بووەتەوە و ڕەهەندێکی میتافیزیکی پێ بەخشیوە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا سنووری جیهاندیدی ئایینی بەزاندووە و پێی لەسەر ئازادی خواست و هەڵبژاردن و بڕیاردان و دیارکردنی شێوازی بەسەربردنی ژیاندا گرتووە.

– مرۆڤی ئازاد جیایە لە بەند و کۆیلە، ئازادییش هۆکارێکی سەرەکی بزوێنەری مێژوو بووە! هەر کاتێک ئازادییە ڕاستەقینەکە پێشێل کرابێ، کۆششی گۆڕین بە گشت ڕەهەندەکانییەوە پەکی کەوتووە، ئازادی چ وەک ئایدیۆلۆجی و چ وەک خەسڵەتی تاکی سەربەست کە خاوەن خواستی بڕیاردانە، لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی ئازاد و خاوەن نەزم دیار و دەستنیشان دەکرێ و ناکرێ لە ڕەوش و هەڵکەوتی لە ئارادابووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە، ئەوەیە مەبەست لەوەی کە ئازادی لەگەڵ دادپەروەری دەخرێتە نێو دووتای یەک تەرازووەوە.

– ئەوەی دەربارەی بابەتی ئازادی تاکەکەسی لە هەر سێک ئایینەکەدا سەرنج ڕادەکێشی، دوو خاڵی نارێیە کە هیچ بنەمایەکی ژیری و لۆجیکیان نییە و بە هیچ پێوەرێک پاسا و نادرێنەوە:

**یەک:** ئازادی تاکەکەسی بە خواستی ئازادەوە لەگەڵ خواستی ئازادی ڕەب نایەتەوە، مرۆڤ بەند و کۆیلەی ڕەبی عیسا و مووسایە! چارەنووسیشی هەر لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر دراوە! بۆیە قسەکردن لە ئازادی ئاسنی سارد کوتانەوەیە. لە ئیسلامدا شافیعی هەوڵی داوە لەو تەنگژەیە سەردەربهێنێ و گوایە داکۆکی لە ئازادی و مرۆڤ دەکات! بەوەی لە گشت بڕیاردانێکدا بکەری سەرەکی خوا خۆیەتی و مرۆڤ (کەسبی سیفەتی کارەکە) دەکات. ئەمە ئەگەر ئازادی بەندە و کۆیلە نەبێ، گەڕانەوەیە بەرەو دواوە. مرۆڤ کارێک دەکات، بڕیارێک دەدات، شتێک هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەو چالاکییە هیی خۆی نییە، بەڵکوو خوا ئەو بڕیارە دەدات و مرۆڤ جێبەجێی دەکات!

**دوو:** ڕەبی مووسا وەک لە تەورات هاتووە، ئازادی بە ئادەم و حەوا بەخشیوە، کەچی ئەو ئازادییەیان بۆ بەدکاری و سەرپێچی بەکار بردووە (لەبەری داری زانینیان خواردووە کە لێیان قەدەغە کراوە! لەبەر ئەوە نەفرەت لە کار و بەرکار کراوە. لەو ڕۆژەوە ئازادی تاکەکەسی سروشتی نارێ و نەخوازراوی پێ بەخشراوە. ئازادی مرۆڤ ئەوەیە کە بەخواستی ئازاد ڕێ و شوێنی حەزرەتی مووسا بگرێتە بەر و ڕێنماییەکانی پەیڕەو بکات.

٢ – سرووش کە لەجیاتی وشەی (وەحی عەرەبی و ئاین گیبۆنگی ئەڵمانی) بەکارهاتووە، لە هەردوو ئایینی جوولەکە و ئیسلامدا چەند پرسیارێکی لە چوارچێوەی هزری فەلسەفەدا ورووژاندووە و وا بە سووک و ئاسانی وەڵام نادرێنەوە:

**یەک:** پێوەندی سرووش بە ژیری مرۆڤەوە! ئەگەر ڕەبی مووسا (وەک لە تەوراتدا هاتووە) مرۆڤی داهێنابێ (خەڵق) کردووە، ژیریشی پێ بەخشیوە. بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بگاتە ڕاستی و ڕاستەقینە و ڕەبی پێ بناسێ! کەواتە لەو ڕەوشەدا سرووش چ پلە و پایە و ڕۆڵێکی دەمێنێ؟

کەس لاری لەوە نییە کە گشت پەیامبەرانی ئایینی (جوولەکە و ئیسلام) دووپاتیان کردووەتەوە ئەوەی بە خەڵکیان ڕاگەیاندووە، پەیامێکە لە ئاسمانەوە بە سرووش (وەحی) بۆیان هاتووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەزانی (جەهل) و گومڕایی (کوفر و ئیلحاد) و گەیاندنیان بەڕاستی و ڕاستەقینە (هەقیقەت). ئەو بۆچوونە بوونی دوو ڕاستەقینە پشتڕاست دەکاتەوە: یەکێکیان بە ڕێگەی سرووشەوە هاتووە، ئەوی تریان مرۆڤ بە سایەی ژیرەوە پێی گەیشتووە! ئایا دەکرێ دوو جۆر ڕاستی هەبێ؟ ڕاستی هەریەک ڕاستییەوە دوو جۆری لە یەکتری جیاواز پێکەوە هەڵناکەن

و بە یەکەوە نایەنەوە.

**دوو:** بوونی هەڵگر و هێنەری سرووش کە بە عەرەبی (جوبرائیل و بە عیبری گابرییلی پێ دەگوترێ) تەنیا گریمانەیەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە: چۆن دەکرێ بەندەیەکی خوا کە (بەندە و پەیامبەرە) لە گۆشت و ئێسقان پێکهاتووە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە خواوە بکات کە هیچ شتێک لە وێنەی نییە (لیس کمثلە شئ)؟

**سێ:** بۆ ئەو سرووشە بە زمانێکی تایبەتی و بۆ میللەتێکی دیاریکراو (عەرەبی و عیبرانی) هاتووە، بۆچی بۆ میللەت و ناوچەیەکی دی نەهاتووە؟ ئایا نەزانی (جەهالەت) لە ئەورووپا و ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەبووە؟

**چوار:** ئەگەر میللەتێکی باستانی خاوەن مێژوو و کولتوورێکی پەرەسەندووی وەک فارس (ئێرانییەکان) ئەو سرووشەیان بۆ هاتبایە، دەبوو دۆخ و ڕەوشی میللەتانی ناوچەکە چۆن بوایە؟ ئەگەرچی ئەو پرسیارە لە چوارچێوەی گریمانە ناچێتە دەرەوە، بەڵام بە مەبەستی توێژینەوە بایەخێکی ئەکادیمی هەیە، چونکە هەموو ئاگادارێک لە مێژووی فەلسەفەی ئایین، لەوە ئاگادارە کە بەهۆی (غەزاوە) ئیسلام گەیشتە قەڵەمڕەوی فارس (دەرەوەی دوورگەی بنەماڵەی ئال سعوودی ئێستا)، ئەوەی کولتووری سەرخانی شارستانیەتی ئیسلامی ڕەنگ ڕشتووە، هەر لە سەردەمی عەبباسییەکان بەولاوە فارس و ئەفغانی بوون. هەر لە سەرەتاوە هەست بەم ڕاستییە کراوە کە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا و لەنێو زانایانی ئایینەکەدا تاکە کەسێک بەدی ناکرێ کە عەرەب بووبێ (ابن خلدون: المقدمة ٢٠٠٤، ل٥٣٤). ڕاستە گشت ئەو زانایانە بە زمانی عەرەبی نووسیویانە، چونکە قورئان بە زمانی عەرەبی هاتووە. زمانی تێگەیشتنیش لە جیهانی ئیسلامدا کە نەتەوەی فرەزمان و هەمەجۆر هەبووە هەر عەرەبی بووە وەک چۆن زمانی لاتینی (تا ئەمڕۆش لە کڵێسەکاندا) لە جیهانی ئایین مەسیحی، زمانی لە یەکتری تێگەیشتن بووە.

٣ – لە ڕوانگەی ئەو فەیلەسووفانەی دەربارەی فەلسەفەی ئایین نووسیویانە، هاتنی سرووش و پێداگرتن لەسەر پاکی و ئامانجەکانی هەست و هۆشی بەندە و کۆیلایەتی و پابەندبوونە، ئەمەش کاڵکردنەوەی هەموو جۆرە ئازادییەکی مرۆڤە، سەرەڕای پەراوێز خستنی ژیری مرۆڤ کە بەهرەیەکی (ڕەببانییە) بە مرۆڤی داماو بەخشراوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بەندەیی و کۆیلایەتییە لە بەرانبەر توانایی و دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر و سنووربەزێنی ڕەب دەست بەردانی مرۆڤە بە ناچاری لە خواستی ئازادی خۆی (اغناتس غولدتسیهر: ٢٠٠٩، ل١٨)

– بەو پێیە دەکرێ پێوەندی نێوان سرووش و ژیر کە کێشەیەکی سەرەکی لاهووتی مەسیحی و زانستی کەلام و فەیلەسووفە موسڵمانەکان بووە و بە درێژایی ژیانیان هەوڵی یەکلایی کردنەوەیان داوە بە جۆرێک نەشیش بسووتێ و نە کەباب (لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی کڵێسە و ئایینی ئیسلامدا دەستبەکاربن)، دوو جۆرە زانین و ڕێگەی گەیشتنە زانست و هەقیقەت هەبووە و لە ئارادایە:

**یەک:** زانینێک کە گشت سنوور و دەسەڵات و توانست و ژیری مرۆڤ و مرۆڤ خۆی دەبەزێنێ و وەک بەخششی بەهرە بە شێوازی تێکستی پیرۆزی ئایینی بە ڕێگەی سرووش بە مرۆڤ دراوە و ئەو خۆی ڕۆڵ و دەسەڵاتێکی بەسەردا

ناشکێ.

**دوو:** زانینێک کە بەهۆی بیرکردنەوە و رامان و وردبوونەوە و پەنابردنە بەر ژیر، مرۆڤ بە دەستی هێناوە. (مصطفی مکلیان: بغداد، ٢٠١٠، ل١٨)

ئەو کێشە پرسیارەی لە چوارچێوەی فەلسەفەدا لە بەرانبەر ئەو دابەشکردنە بە بیردا دێت، جۆری دوو ڕەنگییەکەیە کە پاساو هەڵناگرێ:

ئایا دەکرێ مرۆڤ لە یەک کاتدا باوەڕی بە بنەماکانی ئایین هەبێ و باوەڕی بە توانایی ژیر هەبێ و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی بکات؟! ئایا ئەم دوو دۆخە، ئاراستەیە، ڕەوشە، لە مرۆڤدا پێکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن. لێرەدا قسەکەی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتی ئەڵمان (کانت) دێتەوە یاد کە گوتبووی:

دەبێ دەستبەرداری زانین و ژیر ببم بۆ ئەوەی لە ناخی دەروونمدا جێگە بۆ باوەڕ و بڕوا (عەقیدە و ئیمان) بکەمەوە. (کانت: ١٩٧٦، ل٢٨، ب١٠)

ئەو قسەیەی کانت لە پەندە کوردییەکەوە نزیکە: لە گوندێکدا دوو کوێخا بە یەکەوە نایەنەوە و ناگونجێن، ئەو ناکۆکییە چییە کە لە نێوان سرووش و ژیردا هەیە؟!

سرووش بە هیچ شێوازێک کاروبار و کێشەکانی ژیان چارەسەر ناکات، بابەتێکی سەرووسروشتی (بە عارەبی ماوەرائییە) ژیانی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی کرداری ڕەنگ بۆ ڕێژراوی مرۆڤدا دەکات بە پردی پەڕینەوە بۆ ژیانێکی تری دوای مردن لە جیهانێکی گریمانە کراودا کە هیچ بەڵگەیەکی بوون و هاتنەکەی بە هیچ بنەمایەک ساغ و پشتڕاست ناکرێتەوە. تاقە تۆزقاڵێک لە ئێش و ئازار و هەژاری و نەداری کەم ناکاتەوە، بەڵام هیوا و ئاوات بە بەر مرۆڤ دەنێ چاوەڕێی ژیان و جیهانێکی دیکە بن کە ئەم نەهامەتیانەی تێدا نەبێ، ئەوەی دڵ دەیخوازێ تێیاندا بێ.

بەڵام، چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ سەردەمێکی نادیار دوا دەخرێن کە بە عەرەبی (ئەل ئیرجائی) پێ دەگوترێ.

سرووش پەیامێکی ئاسمانییە لە بوونەوەرێکی ڕەهای دەسەڵات و توانایی و (قودرەت) سنووربەزێنی داهێنەری هەموو شتێک بە بوون و نابوونەوە بۆ بەندەیەکی دەستبژێری خۆی کە بە پەیامبەر ناوبراوە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو پەیامە پاکە بە خەڵک بگەیەنێ، بۆ گۆڕینی جۆری ژین و بیرکردنەوە و کرداریان. ئەنجامەکەشی جێگیرکردنی دیاردەیەکە کە لە زمانی کوردیدا وشەی ئایینی بۆ دانراوە، بەرانبەر بە وشەی (دین — عەرەبی و ڕیلیگیوس بە لاتینی)

٤ — ئایین لەخۆیدا لە چوارچێوە گشتییەکەی بە بەبێ قسەکردن لە وردەکارییەکانی بریتییە لە نەزمێکی ڕیکوپێکی پێوەندی نێوان ڕەب کە داهێنەرە (خالیقە) لەگەڵ بەندەکانی (کە داهێنراون) ڕێک دەخات لە پێناوی گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی پێشبیانە ڕەنگ بۆ ڕێژراوی بڕیار لەسەر دراوە. ئایین ئاماژەیە بە سێ بابەت:

**یەک:** تێکڕای ئەو تێکستە ئایینییانەی کە بە پاک و پیرۆز دادەنرێن و خەسڵەتێکی ترانسندێنتی سەرووسروشتی (ماوەرائیان) هەیە و مرۆڤ دەستی تێیاندا نییە و لە جیهانێکی بەرزەوە بۆ پەیامبەران هاتووە بە زمانێکی دیاریکراو، بە مەبەستی ڕاگەیاندن و مزگێنی (تەبشیر) پێدان.

**دوو:** تێکڕای ئەو شرۆڤە و لێکدانەوە و

تاووتووکردنی ئەو تێکستە پاکانە کە سروشتێکی مرۆڤی دنیاییان هەیە و لەلای جووەکاندا بە تەلمود و لە ئیسلامدا سەرجەمی (تەفسیر و شەرع و فقهیات)ی لێ پێکهاتووە.

**سێ:** تێکڕای پیادە و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی ئایین بە کردەوە لەلایەن لایەنگیرانییەوە بۆ نموونە بەهەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی: شایەتمان، ئەوجا ئەرکی سەرشان هەر لە نوێژەوە بۆ ڕۆژووگرتن تا دەگاتە سەرفترە و سەردان لە مەکە و مەدینە.

بێجگە لەو سێ ڕەهەندە، ناکرێ قسە لە باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) و پەرستن و ئاکار نەکرێ. ئایینەکە لە خۆیدا لە (تەدەیون) جیا ناکرێتەوە، ئەگەرچی دووەمیان خەسڵەتی ترانسندێنتی نییە و لە کار و کردار و بیرکردنەوەی تاکی مرۆڤدا دەردەکەوێ و بەرجەستە دەبێ. (مصطفی ملکیان: سەرچاوەکە خۆی ل٣١٤، بە زمانی عەرەبی).

دوور نییە ڕەخنە لەو لێکدانەوەیە بگیرێ و بگوترێ ئەم بۆچوونە بە یەک چاو تەماشای ئایینەکە دەکات و بە هیچ جۆرێک جیاوازی سەرەکی نێوانیان بەدی ناکات؟ ئەو گازندەیە تەنیا وردەکاری نێوان ئایینەکان دەبینێ، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئەو جیاوازییە لەنێوان ئایینەکاندا نییە. بوونی یەک ڕەنگی و یەکتایی لەلای جوو و ئیسلام و پێداگرتن لەسەر سێ ڕەنگی لە ئایینی عیسادا (باوک و ڕۆڵە و گیانی پاک) ئەوەندە لە گەوهەری ئایین و میتۆدە و مەبەست و ئامانجی جیهاندیدەکەی ناگۆڕێ. ڕاستە خاڵی سەرەکی لەلای عیساییەکان (گوناح و سەرکێشییە — ئادەم و حەوا و ڕەب ڕۆڵەی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی چوارمێخە بکێشرێ و گوناحی سەرشانی بەندەکان لابەرێ)، بەڵام لەلای جوو و ئیسلام شتێکی دیکەیە: ڕزگارکردن لە گومڕایی و بێ باوەڕی (لابردنی کوفروئیلحاد) و هێنانەوەی مرۆڤ بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و باوەڕهێنان (سیراتەلو لموستەقیم)، بەڵام ئامانجەکە لە چوارچێوە گشتییەکەدا هەریەکە.

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: مرۆڤ چاوەڕێی چی لە ئایین دەکات؟ ئەو پرسیارە ڕاسپاردە و بڕیار و حوکمەکانی تەلموودی جوو و لاهووتی مەسیحی و شەرعی ئیسلام دەخاتە نێو کەوانەی گومانەوە و نیشانەی پرسیاریان لەسەردا قووت دەکاتەوە. مرۆڤ لەکوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێ، هیچ جۆرە کێشەیەک چارەسەر ناکەن و هیچ جۆرە بەها و واتایەک بە ژیان نابەخشن! مرۆڤ هەیە و لە ئارادایە، بەڵام تووشی چەند کێشەیەک بووە! ئێش و ئازار، نەخۆشی، کڵۆڵی، بێ ئومێدی و لەسەروو هەموویانەوە بەدکاری و ستەم و بێدادی!! مرۆڤ نیگەران و سەرگەردانە، نازانێ چی پێویستە لەسەری؟ چۆن ژیانی بەسەر بەرێ، بە جۆرێک شایستەی ئەوە بێ کە بژیێت! وەڵامەکان بەپێی پێویست لە سروشت و ئاییندا دەربارەی ژیانی سەر دنیا دەست ناکەون! ئایا ئایین دەیەوێ بەدکاریی و بێدادی بنەبڕ بکات، یان نا؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چەند ڕێتێچوونێک دەردەکەون و لەبەردەمدان:

**یەک:** یان ئەوەتا نایەوێت ئەو کارە بکات، بەڵام دەتوانێ بیکات! کەوابوو چاکەخواز نییە و لە بوونی بەدکاریی و بێدادی بێباک و بێ خەمە.

**دوو:** ناتوانێ بەدکاری و بێدادی بنەبڕ بکات، کەوابوو دەستەپاچە و بێدەسەڵاتە.

**سێ:** یان دەتوانێ و دەیەوێ لەناویان بەرێ، لەم سێ ڕێتێچوونە هیچ شیاوەکی تر شک

نابـڕێ، بـەڵام پرسـیارەکە هــەر بـە کراوەیـی دەمێنێتــەوە: بــەدکاری لــە چییــەوە هاتــووە و ســەرچاوەکەی کامەیــە و لــە کوێــوە هاتــووە؟!

ڕاســتە لــە ئاییـنـدا کــە بــە ڕێگــەی ســرووش هاتـووە، ڕێگـە و ئەزمـوون و مەبەسـت و ئامانـج هەیـە. ئەگـەر لـە ئاییـنـە جیاوازەکانـدا ڕێگـە و ئامانجـی جیـاواز (لـە وردەکارییەکانیانـدا) بـەدی دەکـرێ، ئیتـر ئایـا دەکـرێ دوو شـت کـە ئاییـن پێیـان لەسـەر دادەگـرێ، پاسـاو بدرێنـەوە:

– مـردن و قوربانیـدان بـە خـۆ، لـە پێنـاوی ئایینەکـەدا؟ بـەڵام ڕێگـەی ژیـان و ڕێگـەی بـاوەڕ و ئاییـن ناکرێ بخرێنـە نێـو دوو تـای یـەک تـەرازوو بەرانبـەر بـە یەکتـری.

– ئەگـەر چارەسـەری کێشـە دنیاییەکانـی ژیـان لـە کـردن نایـەت، ئایـا بڕواهێنـان (ئیمـان) لـە بنەمـای بـێ ئومێـدی بـەولاوە واتـا و بگوتـرێ و پشـوودرێژی پاسـاودانێکی دیکـەی دەمێنـێ؟ ئایـا دەکـرێ بگوتـرێ پشـوودرێژی (سـەبرگرتن) لـە بـێ ئومێدییەوەیـە و ئاییـنیـش بـەو پێیـە لـە دڵخۆشـکردن و هیـوا وەبەرنـان و تەمەننـا و ئـاوات خواسـتن بـەولاوە نییـە؟!

٥ – چارەنـووس و قـەدەر بـە تەواوەتـی پەکـی خواسـتی ئـازار و بنەماکانـی ئـاکار دەخـەن. چـۆن مـرۆڤ سـزا بـدرێ، چونکـە کارێکـی کـردووە، چاکـەکاری کارەکـە بـە خواسـتی خـۆی نەبـووە و لـە چـارەی نووسـراوە؟! چاکـەکاری هیـچ بنەمایەکـی ئایینـی نییـە، بەڵکوو کارێکە خزمەتـی سـوود و قازانجـی مەبەسـت و ئامانجـە ڕەواکانـی مـرۆڤ دەکات. بە پێچەوانەشـەوە بەدکاری کۆسـپ و تەگەرەیـە لەبـەردەم بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە ڕەوایانــەدا، ئیتـر بــەدکاری و چاکـەکاری لـەو خەسـڵەت و سروشـتەیان بـەولاوە واتایەکـی دیکەیان نییـە. (د. والتـر سـتیس: ١٩٩٨، ل٢٩٩) ئـەو بۆچوونـە گومـان لـەوە دەکات جیهـان، دنیـا نـەزم و ڕێکوپێکییەکـی ئاکارییانـە بەرجەسـتە بـکات، بـەڵام لێـرەوە کێشـەیەک سـەرئاودەکەوێ کـە لـە چوارچێـوەی جـۆرە پرسـیارکردنێکدا خەسـتوخۆڵ دەبێتــەوە:

ئایـا دەکـرێ بوونـی بنەمای ئایینـی ڕێنماییەکانی ئـاکار، بـڕوا بـوون بـە جیـاوازی نێـوان بەدکاریـی و چاکەکاریـی ئاکارییانـە لـەو بۆچوونـە بکەوێتـەوە کـە جیهـان لـە خۆیـدا نموونەیەکـی توندتۆڵـی نەزمێکـی ئاکارییـە؟!

لــە تــەورات و قورئانــدا کێشــەی بــەدکاری و ئــازادی خواسـتی مـرۆڤ بەکراوەیـی ماونەتـەوە و هەڵپەسـێردراون و بڕیـاری یەکلاییکردنـەوە نـەدراوە: چارەنـووس و ئـازادی خواسـت لـە چەنـد ئایـەت و (سـفریکی) تەوراتـدا بەرانبـەر بـە یەکتـری دانـراون:

بەپێـی بووچوونی فەلسـەفە، دوو جـۆرە جیهاندید هەیـە کـە لەگـەڵ یەکتـری نایەنـەوە، چونکـە ئامـاژە بـە دوو جیهانـی لـە یەکتـری جیـاواز دەدەن: دنیـا و قیامـەت.

یـەک: جیهاندیـدی فەلسـەفە و وێنـەی جیهانـی زانسـت.

دوو: جیهاندیدی مەوەرائی ئایین.

بـە هـەر جۆرێـک ئـەو بابەتـە لێـک بدرێتـەوە و تاووتـوو بکـرێ، لـە چوارچێـوەی توێژینـەوەی ئەکادیمی ناچێتـە دەرەوە. ئـەو بڕیارە ئەو ڕاستییە کاڵ ناکاتـەوە کـە ئـەو چەمک و دەسـتەواژەیەی لەو کایـە و گۆڕەپانـەدا بەکاردێن، نادیار و تەمومژاویـن و بـە دەگمـەن نەبێ بـە بنەماکانـی ژیـر و لۆجیک پێناسـە و ڕوون ناکرێنـەوە!

– ئایـا دەکـرێ بگوتـرێ کـە فەلسـەفە و زانسـت ڕاسـتییەکەی (هەقیقەتێکـی) جیهانـی کات و جێگـەی هەڵکەوتـی لـە ئازادابوونـن، بـەڵام ئاییـن جیهانێکـی دیکـە بەرجەسـتە دەکات کـە جیهانـی گیـان لـە

پشتییەوە ئارامی گرتووە؟

فەلسەفە — ئەگەر بە قسە — بە تیۆریش بێ — بەشێکی تەواوکاری دانەبڕاوی کولتوورە و بەشدارییەکی کارا دەکات لە وەڵامدانەوەی پرسیار و تاووتووکردنی کێشە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ بە گشتی و هیی سروشتی جیهان، ئەمەش بە پێچەوانەی ئایینەوە، سروشتی بە جیهانیبوون و نامۆ نەبوون لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لە جیهاندا دەبەخشێ. جیاوازی نێوان ڕێباز و ئاراستەکانی فەلسەفە، هەمەڕەنگی ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بە چێژ و ئێش و ئازارەکانییەوە دەردەبڕێ، ئەمەش دەری دەخاتەوە کە فەلسەفە لە خۆیدا هۆشیارییەکی کارای کۆمەڵایەتییە.

٦ — کەواتە لەو ڕەوشەدا ژیر دەخرێتە کام خانەوە؟ چی پێ سپێردراوە؟ ئەو ڕۆڵە چییە کە پێویستە بیگێڕێ؟ ئایا ئەزموون (تاقیکردنەوە — تەجرەبە) تەواوکاری چالاکیی ژیرە، یان جەمسەرێکی سەربەخۆیە. لە چوارچێوەی فەلسەفەدا ڕێباز بەدی دەکرێ کە بە ژیرەکی ناودەبرێ. دیکارت بە ڕابەرێکی ئەو ئاراستەیە دادەنرێ، لە بەرانبەریدا جۆن لۆک و هیوم و بێرکلی بە ڕابەری ڕێبازی ئەزموونی ناسراون! کەواتە لایەنی لە یەکچوون و جیاکاری نێوان ئەو دوو ئاراستەیە کامانەن!؟ ئایا ئەو دوو ناوە لە ژیر و ئەزموون وەک ئامرازی چالاکی و توێژینەوە کەوتوونەتەوە؟

— ئەگەرچی ئەزموون و ژیر ئاماژە بە دوو ئاراستەی سەرەکی فەلسەفە دەدەن، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئەزموون (تاقیکردنەوە) پشتی پێ بەستراوە، لە دوو ئاراستەی گرنگ سەریان هەڵداوە:

**یەک:** پەکخستنی بنەمای ئامانجەکی و پەیڕەوکردنی بنەمای لێکدانەوە و شرۆڤە و شیکردنەوە.

**دوو:** جێگیربوونی ڕێبازی فەلسەفەی سروشتی. بە پێی ئەو ڕێبازە، جیهان مەکینەیەکی زەبەللاحە لە ماددە و بزووتنەوە پێکهاتووە. بنەمای ئامانجەکی هیچ ڕۆڵێک لەو جیهانەدا ناگێڕێ! هیچی تر دیاردە سروشتییەکان لەژێر دەسەڵات و هەژموونی ئامانجی ڕەببانیدا نەماون، هەروەها زانینی سروشتی ئەو دیاردانە بۆ زانست و پێشکەوتنی توێژینەوە، هیچ سوودێکیان نییە. ئەگەر ئامانجی زانست پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی، ئایندە و دواڕۆژ بێ، زانین و ئامانجەکانی دیاردەکان دەبێ بخرێنە لاوە و بایەخ بە هۆکاری ڕووداو و دیاردەکان بدرێ، بۆ لێکۆڵینەوەیان و خستنەوەی قانوونە سروشتییەکان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ بکرێن.

**یەکەم:** بە هۆیانەوە پێشبینی ڕوودانیان بکرێ بۆ ئەوەی پێشییانە مشووری زیانەکانیان بخورێ و هەر نەبێ بەر لە قەومانیان بگیرێ.

**دووەم:** بۆ ئەوەی سروشت بە کوڵک و پێستییەوە بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ بەکارببرێ، ئیتر زانینی هۆکاری دیاردەی سروشتی و قانوونەکانی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان و دوورخستنەوەی بنەمای زانینی ئامانجەکەیان لە کایەی توێژینەوەدا، ڕێبازی میکانیزمی جێگیرکردووە و کۆتایی بە بنەمای ئامانجەکی هێناوە، ئەو بنەمایە لە پاوانی لاهووت و ئایینی مەسیح و کڵێسەدا چەکەرەی کردووە و شین بووە، بەڵام لەسەردەمی دیکارت بە دواوە کە گوڵی بەهاری توێژینەوەی زانستی لە کەل دەرکەوتووە، ماڵئاوایی پێ کراوە.

— ژیر بە پێچەوانەی تاقیکردنەوە، پشت بە لۆجیک دەبەستێ و قسەکردن — وشە، دەستەواژە — دەکات بە ئامرازی دەربڕین، دەرفەتی هیچ جۆرە گومانکردنێک نادات، بەڵام

لە کایە و گۆڕەپانی لاهووتدا دەستەپاچە و بێ دەسەڵاتە، بۆیە ئایین بە هەموو جۆرەکانییەوە (ناوچەیی و ئیبراهیمییەکان) بە دەری دەخەنەوە و لەگەڵیاندا ناگونجێن.

– لە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی و شەریعەتدا (موعتەزیلە) بەدەر، هەڵوێستێکی نارێیان (نێگەتیڤ) بەرانبەر بە ژیر نیشان داوە! لە کاتێکدا لە حەدیسێکی قودسیدا (کە هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ) ئەوپەڕی ڕێز لە ژیر گیراوە:

یەکەم جار خوا ژیری (داهێناوە – خەڵق کردووە) پێی گوتووە وەرە پێشەوە، هاتووە، بڕۆ دواوە ڕۆیشتووە، ئەوجا خوا فەرموویەتی: بە عیزەت و جەلالی خۆم من لە نێو داهێنانەکانمدا لە تۆم پایە بەرزتر و ڕێزدار و کەریمتر دانەهێناوە (خەڵق نەکردووە) (تەبەڕانی و ئەبوونەعیم و حافزی بەغدادیی لە – المغني عن اسفار الحمل و غەزالی سەرچاوەی پاراستنی ئەو حەدیسەن) (٥)، هەر لەو حەدیسەدا هاتووە کە خوا بە هۆ و ڕێگەی ژیرەوە وەردەگرێ و دەبەخشێ، سزادەدا و پاداشت دەبەخشێ.

– ئەگەر لە فەلسەفەی ژیرەکیدا، ژیر ئامرازی سەرەکی چالاکی فەلسەفە بێ، ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئیمانۆییل کانت، ژیری کردووە بە کەرەستەی سەرەکی تاووتووکردن و ڕەخنەگرتن، ئەوجا پشتی پێ بەستووە بۆ ڕەخنەکردنی میتۆدە و ناوەڕۆک و بابەتە سەرەکییەکانی ئەو لقە سەرەکییەی فەلسەفە کە میتافیزیکە بەو مەبەستەی سروشتێکی زانستییانەی پێ بسپێرێ. بەلای (کانت)ـەوە دوو جۆرە ژیر هەیە:

**یەک:** ژیری لۆجیکی کە ڕەخنەگرەکەیە.

**دوو:** ژیری ترانسندێنتالی کە ڕەخنە لێگیراوەکەیە.

– هەڵوێستی کانت دەربارەی ژیر و ڕەخنەکردنەکەی لەو بۆچوونەوە کەوتووەتەوە کە فەیلەسووف بیەوێ کێشە یەکلایی بکاتەوە، یان نەزمێک ڕەنگ بڕێژێ و بنیادی بنێ، دەبێ لە پێشەوە ئامرازی کارکردنەکەی تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی پێشەکی دڵنیابێت کە بە دروستی دەستی پێ کردووە، دوور نییە ئەوەش مەبەستی بووبێ کێشەکان لەوەوە کەوتوونەتەوە کە ئامرازەکانیان هەر لە سەرەتاوە کەموکووڕییان تێدا هەبووە. ژیریش لە خۆیدا ئامرازێکە لەو ئامرازانەی بۆ بڕیاردان و شیکردنەوە و بەراوردکردن و تاووتوو پشتی پێ دەبەسترێ.

– ئەگەر هەڵوێستی جیاواز و جۆراوجۆر بەرانبەر بە سروشت و ڕۆڵی ژیر بەدی بکرێن، ئەو جیاوازییە لە سروشتی ئەو سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە فەیلەسووف، هزرمەند تێیدا ژیاوە و چالاک بووە، ئیتر دۆخی ئەو سەردەمە بە کەشوهەوای زانستی، هزری و ڕۆشنبیری، یان ئایینی سنووردار کرابێ، ڕاستەوخۆ سروشتی هەڵوێستەکە و ڕەخنەگرتن و ڕێبازەکە دیار و دەستنیشان دەکەن.

– ژیر وەک ئۆرگان و وەک ڕێبازێکی فەلسەفە شان بە شانی ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز لەلایەن ڕکابەرانییەوە ئەو تۆمەتەی خراوەتە پارسەنگەوە گوایە کۆششی جێگیرکردنی هزری گومڕایی دەکات، بەڵام وردبوونەوە لە مێژووی فەلسەفە ئەو گازندەیە کاڵ دەکاتەوە، چونکە چەندان فەیلەسووفی ژیرەکی بە وردترین بەڵگەی فەلسەفە هەوڵی ساغکردنەوەی بوونی ڕەبی مووسا و عیسایان داوە. دیکارت فەیلەسووفێک بووە لەو فەیلەسووفانە.

هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە سەدەی هەژموونی فەلسەفە و لاهووتی ئایین بووە،

چەند لاهووتی و زانایانی کەلام و فەلسەفە گرنگی و بایەخی پەنابردنە بەر ژیر و لۆجیکیان لە توێژینەوەدا دووپات کردووەتەوە.

- ڕاستە ژیر لە چالاکییەکانیدا دەستبەرداری ئەزموون و تاقیکردنەوە نابێ، بەڵام هەریەکەیان سروشت و تایبەیمەندی خۆیانیان هەیە کە لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، ئیتر بۆیە گوتراوە کە ئەزموونییەکان لە چالاکییاندا وەک مێرووولەوان، خۆراک، شمەک کۆدەکەنەوە بۆ سوود لێ وەرگرتنیان، بەڵام ژیرییەکان بە پێچەوانەوە، وەک جاڵجاڵۆکەن کەرەستە (تانوپۆی) بیناسازییەکەیان لە ناخی خۆیانەوە دەهێننە دەرەوە. (جون کوتنغهام: ١٩٩٧، ل١٨).

ئەگەر ڕێبازی ئەزموونی پشت بە کەرەستەی هاوردەی هەستەکان ببەستێ و بیکات بە بابەتی ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدەکان، ئەوە ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی لەو ئەرکەدا پشت بە بیرۆکەی ناو هزر و مێشک و چەمکە پێشیینەکانی ژیر دەبەستن، ئەمەش وادەگەیەنێ کە زانینی مرۆڤ بە گشتی لە چالاکی ئەزموونی هەستەکییەوە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە، ژیریش ڕێکی دەخات بەهۆی پیادەکردنی چەند چەمکێک وەک کات و جێگە، ئەو زانینەش کە سەرچاوەکەی ژیرەو بە دەستەواژە دەردەبڕدرێ لە دەستەواژەی هەمانگۆیی بەولاوە نییە. ئەو دەستەواژانە شتێک نادەنە دەست ببێتە مایەی فراوانکردن و بەپێزبوونی زانینەکە.

- هەمیشە ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی لە سەنگەری فەلسەفەی ئایدیالیستیدا بوون، بۆ نموونە فەیلەسووفە ئەڵمانەکان (مارکس و فیویەرباخ بەدەرن)، بەڵام ئەزموونییەکان پتر بەلای فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمدا چوون، وەک فەیلەسووفە ئینگلیز و فرەنساییەکان.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ – ابن خلدون: المقدمة، بيروت، ٢٠٠٤.

٢ – اغناتس غولد تسيهر: العقيدة و الشريعة في الاسلام، بيروت، ٢٠٠٩.

٣ – مصطفى ملكيان: العقلانية و المعنوية، ت: عبدالجبار الرفاعي و حيدر نجف، بغداد، ٢٠١٠.

4 – I. Kant: Kritik der reinen Vernunft. Meiner Verlag. Hamburg 1976.

٥ – حەدیسەکە بەم جۆرەیە:

"أول ماخلق الله العقل فقال له: إقبل فأقبل، ثم قال له إدبر فأدبر، ثم قال الله عز وجل: وعزتي و جلالي ماخلقت خلقا أكرم منك علي، بك أخذ وبك اعطى، وبك أثيب، وبك اعاقب."

٦ – جون كوتنغهام: العقلانية، ت: محمود منقذ الهاشمي، حلب، ١٩٩٧.